www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-7-2006 2:05

## بەرپرسانی زاگرۆس تیڤی.... ئەری هەڤال حاجی بۆ سوکایەتی بە هونەرمەندان و بینەران دەکا؟ بینەرێک

پاش کردنەوی کەناڵەکەتان هیواو ئومێدیکی زۆرمان هەبوو کەوا تەلە فزیۆنەکەتان لەم قاڵبە چاو لێکەریەی کەناڵەکانی تر رزگار دەبێت و شتێکی تازە بە بینەران دەبەخشێت دیارە کەم تا زۆر لەم ماوە کورتەی بەخش کردنی بەرنامەکانتان توانیوتانە شتێک پێشەکەش بە بینەران بکەن لەگەڵ زۆر تیبینیم کە دەکرێت لە جارێکی تر بیان خەمە پێشتان....
بەلام ئەوەی من دەمەوێت لەم نامەیەم ئاماژەی پێبکەم خۆی لەم هەموو هەڵە زەقەی هەڤال حاجی پێشکەش کاری بەرنامە هونەریەکانی تەلەفزیۆنەکەتان دەبینێتەوە... جا گەر دەرفەتم دەن بەچەند خالێک دەیخەمە بەردەستان وتکاتان لێدەکەم تۆزێک ئامۆژگاری بکەن خۆ بینەران وهونەرمەندان قشمەر نین!!!

1- لەبەرنامەی یاد کردنەوەی هونەرمەندی مەزنی کورد حەسن زیرەک کە لە شارۆچکەی رانیە ئەنجام درابوو هەڤال حاجی لە کچە پێشکەش کارەکە دەپرسێت.... . ئەری بۆ حەسن زیرەک لە زۆر لە وینەکانی دەستی لە دمێتی؟؟؟
2- پاش ئەوەی ئەو خانمە نازانێت وەلامی پرسیارەکەی بداتەوە هەر خۆی هەڤال دەڵێت وەلا بۆ ئەوەیە حەسەن زیرەک بیر لەوە دەکاتەوە ژنی 37 مین بینێت...
3- سەیر کەن ئەو سوکایەتیە.... . ئەوە کەی قسەی تۆیە!
4- لە دیداری هونەرمەند رزگار هەولێری... پاش ئەوەی خانمێک تەلە فۆن دەکات ودەڵێت کاک رزگار ژنی هێناوە؟؟؟ هەڤال رووی پرسیارەکە لە هونەمەند رزگار هەولێری دەکات دەلێت ئەری مێردتت کردوە!!!!!
5- ئەوە جیە هەر هەڤال دوو کەلیمە لەم ئەلمانیە سەفتە دەزانێت تا بینەرانی پی هەرەسان بکات عەیب نیە.... پیی وایە هەر ئەو دوو قسەیە دەزانیت..
6- باشە پێم نالێن هەموو جار کە گۆرانی دەلێت بۆ تەنها ئەری مەمۆ مەمۆ بوە جی نەبرایەوە.... بۆ ئەوندە بەناز قسە دەکات ئەو هەمووخۆ بادانە جیە ئەی ئەو شێوە زمانە جیە کە قسەی پی دەکات.... .. تد
7- من هیجی تر ناڵێم تکاتان لێدەکەم تۆزێک فێری کەن چۆن بەرنامە پیشکەش دەکات.... . چۆن قسە دەکات و چۆن پرسیار دەکات!!!!!!!!!

Der222@yahoo. com